**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـاره (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٢٢/٣/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژماره (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژماره (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**
خاڵی (٣)ی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٨)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەیەک بە زنجیرەی (سێیەم) بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوێک رێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**ماددەی (٢):**
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):**
کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤):**
ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی لایەنی پەیوەندیدار بە دیاریکردنی ئەرک و دەسەڵاتی پێکهاتەکانی وەزارەتی کارەبا لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
٣٠/ ٣ /٢٠٢٢